Australian Government

Department of Home Affairs

# Privacy notice
# Visitors to immigration detention facilities

# تێبینی تایبەتمەندێتی
# سەردانیکەرانی دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری

Form

**1553 KURS**

KURDISH SORANI

The Department of Home Affairs (وەزارەتی کاروبارەکانی ناوخۆ) (وەزارەت) لە نێویدا Australian Border Force (هێزی سنوری ئوسترالیایی). *Privacy Act 1988* (یاسای تایبەتمەندێتی ١٩٨٨) (یاسای تایبەتمەندێتی) دەخوازێت وەزارەت لە بابەتە دیاریکراوەکان تاکەکەس ئاگادار بکاتەوە کاتێک زانیاری کەسی لەبارەیان کۆدەکاتەوە. ئەم فۆرمە ئاگادارکرنەوەی تۆیە لەو بابەتانە پەیوەست بەو کاتەی سەردانی دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری دەکەیت.

## یاسای تایبەتمەندێتی

The Department of Home Affairs ( وەزارەت) پابەندە بە (Australian Privacy Principles) (بنەماکانی تایبەتمەندێتی ئوسترالیایی) (APPs) لە خشتەی ١ی یاسای تایبەتمەندێتی. APPs ئەوە ڕێکدەخات، ئێمە چۆن زانیاری کەسی کۆدەکەینەوە، بەکاری دەهێنین، هەڵیدەگرین و دەیخەینەڕوو، و چۆن بتەوێت داخوازی بکەیت دەستت بگات بەو زانیارییە کەسییەی لەبارەی تۆوە هەڵمان گرتووە یان داخوازی ڕاستکرنەوە بکەیت.

وەزارەت دەخوازێت دابینکار (ان) ی خزمەتگوزاری بەپێی گرێبەست ئەوانیش گوێڕایەڵی یاسای تایبەتمەندێتی بن.

یاسای تایبەتمەندێتی ڕێدەدات بە کۆکردنەوەی:

- زانیاری هەستیار:
  - بە ڕەزامەندی تۆ (کۆکردنەوەکە تاڕادەیەکی باش پێویستە بۆ یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە، یەکێک یان زیاتر لە ئەرک و چالاکییەکانی وەزارەتەوە)
  - لە "بارودۆخێکی گشتی ڕێپێدراو" (وەک ئەوەی کە پێویست بێت هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ژیان، تەندروستی یان سەلامەتی هەر تاکە کەسێک، یان تەندروستی گشتی و سەلامەتی کەم بکرێتەوە یان ڕێی لێبگیرێت)
  - هەر کە داواکراو بوو یان ڕێپێدراو بوو بەپێی یاسای ئوسترالیایی یان فەرمانی دادگا/ دادگای تایبەت، یان
  - بۆ ئەو چالاکییانەی پەیوەست بە داسەپاندنەوە کە لەلایەن وەزارەت یان لەبری وەزارەت دەکرێن.
- زانیاری کەسی تر کە تا ڕادەیەکی باش پێویستە بۆ، یان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە، یەکێک یان زیاتر لە ئەرک و چالاکییەکانی وەزارەت.

ئەم تێبینیە ئەوە ڕووندەکاتەوە بۆچی ئێمە (وەزارەت) زانیاری کەسیی تۆ کۆدەکەینەوە و چۆن بەڕێوەی دەبەین سەبارەت بە سەردانیکردنی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. زانیاری زیاتر لەبارەی کرداری مامەڵەکردنمان لەگەڵ زانیاری کەسیدا لە سیاسەتی تایبەتمەندێتی وەزارەتدا بەردەستە، کە دەتوانیت لێرەوە دەستت پێی بگات **/https://www.homeaffairs.gov.au access-and-accountability/our-commitments/privacy.**

سیاسەتی تایبەتمەندێتی زانیاری تیادایە لە بارەی:

- چۆن دەکرێت دەستت بگات بە زانیاری کەسیی خۆت کە لەلایەن وەزارەتەوە هەڵگیراوە و داخوازی ڕاستکردنەوەی بکەیت.
- چۆن دەتوانیت سکاڵا بکەیت لەبارەی شکاندنی تایبەتمەندێتی و ڕێسای مامەڵەکردنی وەزارەت لەگەڵ سکاڵادا.

## بۆچی ئێمە زانیاری کەسیی تۆ کۆدەکەینەوە

مەبەستی سەرەکیمان لە کۆکردنەوەی زانیاری کەسی بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و چالاکییەکانی وەزارەت پەیوەند بە بەڕێوەبردنی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری بەپێی *Migration Act 1958* (یاسای کۆچ ١٩٥٨). بەپێی یاسای تایبەتمەندێتی، ئێمە ڕێپێدراوین بە بەکارهێنان و خستنەڕووی زانیاری کەسیی تۆ بۆ ئەو مەبەستە سەرەکییەی لە پێناویدا کۆکراوەتەوە.

بەپێی یاسای تایبەتمەندێتی، دەکرێت زانیاری هەروەها بەکاربهێنرێت یان بخرێتەڕوو بۆ مەبەستی پلەدوو. ئەوەش دەکرێت بێتەدی:

- بە ڕەزامەندی تۆ
- کە تۆ تاڕادەیەکی باش پێشبینی دەکەیت وەزارەت زانیاری کەسیی تۆ بەکار دەهێنێت یان دەیخاتەڕوو و مەبەستی پلەدوو یان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مەبەستی سەرەکییەوە (بۆ زانیاری هەستیار) یانیش پەیوەستە بە مەبەستی سەرەکییەوە (بۆ زانیاری کەسیی تر)
- کە بەکارهێنان یان خستنەڕووی زانیارێکە داواکراوبێت یان ڕێپێدراوبێت لەلایەن یان بەپێی یاسای ئوسترالیایی یان فەرمانی دادگا/ دادگای تایبەت
- لە "دۆخێکی گشتی ڕێپێدراودا" (وەک ئەوەی پێویست بێت بۆ کەمکردنەوە یان ڕێگرتن لە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ژیان، تەندروستی یان سەلامەتی هەر تاکێک یان تەندروستی یان سەلامتی گشتی)
- بۆ ئەو مەبەستانەی پەیوەندن بە داسەپاندنەوە.

بەڕێی دابینکار(ان) ی خزمەتگوزاری بەپێی گرێبەست، وەزارەت زانیاری کەسی لە تۆ کۆدەکاتەوە بە مەبەستی چاک ڕاگرتنی سەلامەتی، ڕێکاری باش، یان ئاسایشی:

- دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری
- تۆڕی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، و/ یان
- هەموو کارمەندانی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، دەستبەسەرکراوان و سەردانیکەران.

ئەوەش دەستنیشانکردن و بەڕێوەبردنی مەترسییەکانی پەیوەست بە تەندروستی و بۆ جێبەجێکردنی کۆنترۆلکردنی دروست بۆ ڕێگرتن و بەڕێوەبردنی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییانەی تەشەندەکەن دەگرێتەخۆ.

ئەم زانیاریە یارمەتی وەزارەت دەدات تاکو پابەندبوونی خۆی بەجێ بهێنێت بۆ پاراستنی تەندروستی و سەلامەتی کارمەندانی و کەسانی تر بەپێی (ئەرکەکانی تەندروستی و سەلامەتی) لە بەشی ٢ ی *Work Health and Safety Act 2011* (یاسای تەندروستی و سەلامەتی کار ٢٠١١)، تاکو ئێستا چۆنە هەروەها تا ڕادەیەکی باش کرداری پێدەکرێت.

## ئاکامەکانی ئەگەر زانیاری کەسیی تۆ کۆنەکرێتەوە لەلایەن وەزارەتەوە

ئەگەر زانیاری کەسیی تۆ کۆنەکرێتەوە، داواکارییەکەت بۆ سەردانیکردنی دەزگایەکی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، یان کەسێک لە دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، ناتوانرێت پرۆسە بکرێت.

© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022

## چۆن ئێمە زانیاری کەسیی تۆ کۆدەکەینەوە

زانیاری کەسیی تۆ بە شێوەیەکی گشتی کۆدەکرێتەوە لەلایەن کارمەندانی دابینکاری خزمەتگوزاری بەپێی گرێبەست کە لەبری وەزارەت هەڵسەنگاندن بۆ داواکاری سەردانیکەران دەکەن و/ یان پشکنینیان بۆ دەکەن لە دەزگاکانی دەستبەسەرکردنی کۆچبەری. زانیاری بە شێوەیەکی گشتی ڕاستەوخۆ لە تۆوە کۆدەکرێتەوە.

کۆکردنەوەی زانیاری کەسیی تۆ خۆبەخشانەیە، بەڵام ئەگەر زانیاری کەسیی تۆ کۆنەکرێتەوە، داواکارییەکەت بۆ سەردانی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، یان کەسێک لە دەستبەسەرکردنی کۆچبەری، ناتوانرێت پرۆسە بکرێت.

زانیاری کەسیی تۆ دەخرێتە سەر تۆمارکەر لە دەزگای دەستەبەسەرکردنی کۆچبەری و لەوانەیە بدرێتە شوێنەکانی تری وەزارەت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەرک یان چالاکییەکانی وەزارەت، یان لە هەرشوێنێک بەپێچەوانەی ئەوەوە ڕێپێدراوبێت لەلایەن یاسای ئوسترالیاییەوە.

لەوانەیە خولی- داخراوی تەلەڤزیۆنی (CCTV) لە کارکردنی بەردەوام بێت لە گشت لایەکی دەزگای دەستبەسەرکردنی کۆچبەریدا. وێنە و قسەکانت لەوانەیە بگیردرێن لەئەنجامی چاودێریکردنی هەر CCTV یەک. هەر دەنگ و ڤیدیۆیەک کە بەدەست دێت لەڕێی چاودێریکردنی CCTV یەوە بەشێوازێکی نهێنی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەکاردەهێنرێت یان دەخرێتەڕوو تەنیا بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە یان وەکتر داخوازراوە یان ڕێپێدراوە لەلایەن یاسای ئوسترالیاییەوە.

## ئێمە بۆ کێ زانیاری کەسیی تۆ دەخەینەڕوو

زانیاری تۆ بە شێوازێکی نهێنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و تەنیا بەکاردەهێنرێت یان دەخرێتەڕوو بۆ ئەو مەبەستانەی لەم تێبینیەدا چرکراوەتەوە یان وەکو داخوازراوە یان ڕێپێدراوە بەپێی یاسای تایبەتمەندێتی یان یاسایەکی تری ئوسترالیایی.

یاسای ئوسترالیایی یاسای فیدرالییە، یان یاسای ویلایەتێک، یان دەڤەرێکە.

وەزارەت لەوانەیە زانیاری کەسی بخاتەڕوو بۆ ئاژانس و دەستەکانی داسەپاندنی ئوسترالیایی (فیدرالی، ویلایەت و دەڤەر)، وەکو پۆلیسی فیدرالی ئوسترالیایی و/ یان هێز یان خزمەتگوزاری پۆلیسی ویلایەت یان دەڤەر، بۆ مەبەستەکانی هەڵسەنگاندنی داواکاری سەردانیکەر، یان هەرکە پێویست بوو بۆ چالاکی پەیوەست بە داسەپاندن، لەنێویاندا ڕێگرتن، دۆزینەوە، لێپێچینەوە و بە شوێنکەوتنی یاسایی یان سزادانی سەرپێچییەکی تاوانکاری.

ئێمە لەوانەیە ئەو زانیارییەی تۆ داوتە بخەینەڕوو بۆ ئاژانسەکانی حکومەتی فیدرالی، ویلایەت و دەڤەر کە بەرپرسیارەتییان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی یاساکانی تەندروستی و ئاسایشی زیندەوەر.

## خستنەڕووی زانیاری کەسی بۆ وەرگرانی دەرەوەی وڵات

زانیاری کەسیی تۆ ناخرێتەڕوو بۆ وەرگری دەرەوەی وڵات بەبێ ڕەزامەندی خۆت، یان مەگەر ڕێپێدراوبێت لەلایەن APP 6 و APP 8 لە خشتەی ١ لە یاسای تایبەتمەندێتی.

## چۆن دەتوانیت دەستت بگات بە زانیاری کەسیی خۆت یان چۆن ڕاستی بکەیتەوە

تۆ دەتوانیت داخوازی بکەیت بۆ دست گەیشتن بە زانیاری کەسیی خۆت و ڕاستکردنەوەی بەپێی *Freedom of Information Act 1982* (Cth) (یاسای ئازادی زانیاری ١٩٨٢) و یاسای تایبەتمەندێتی. سیاسەتی تایبەتمەندێتی ئێمە ئەوە دەخاتەڕوو چۆن دەتوانیت داخوازی دەست گەیشتن بکەیت بە زانیاری کەسی کە ئێمە هەڵمانگرتووە دەربارەی تۆ، یان چۆن دەتوانیت داخوازی ڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریە بکەیت.

## خەم و سکاڵاکان

وەزارەت پابەندە بە پاراستنی زانیاری کەسی بەوەی کە متمانەی پێدراوە بەگوێرەی یاسای تایبەتمەندێتی. ئەگەر تۆ باوەڕت وایە کە وەزارەت مامەڵەی لەگەڵ زانیاری کەسیی تۆی بەشێوەیەک کردووە کە پابەندبوون بە ئەرکەکانمانی شکاندووە لە APPs دا، سیاسەتی تایبەتمەندێتی ئەوە دەخاتەڕوو چۆن دەتوانیت سکاڵا بکەیت و چۆن ئێمە لەگەڵ سکاڵاکەتدا مامەڵە دەکەین.

## چون پەیوەندیمان پێوە دەکەیت

تەواوی وردەکاری پەیوەندیکردن دەکرێت پەیدا بکرێت لە وێبسایتی وەزارەت: **www.homeaffairs.gov.au**

لەلایەکی ترەوە، دەتوانیت فیدباک بدەیت بە:

- بەکارهێنانی فۆرمی ئۆنلاینی فیدباک
- بەنوسین بۆ:

The Manager Global Feedback Unit
GPO Box 241
Melbourne VIC 3001 Australia



© COMMONWEALTH OF AUSTRALIA, 2022